# ڕوخساری ئاڤانت-گارد لە ئەمڕۆدا

ناز حەکیم محەمەد [1] ڕەنج حیکمەت محەمەد[2]

[1] بەشی شێوەکاری، کۆلێجی هونەرە جوانەکان ، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عیراق

[2] بەشی شێوەکاری، کۆلێجی هونەرە جوانەکان ، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عیراق

**پوختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات کە پێگەی هونەری ئاڤانت-گارد دیاری بکات لە ئەمڕۆدا، لە ڕووی ئامانج و هەڵوێست و ڕەگە مێژوویەکانی و بەشێک لە تاک و گروپ و تۆڕەکانی و جوڵانەوەکانی، کە ئەگەر چی دیاردەی ئاڤانت-گاردە هونەرییەکان بە کۆمەڵ وەک یەک ڕێڕەو دەبینرێن بەڵام هەر یەکێکیان خاوەن کۆنتێکست و جینالۆجی و ڕوانگەی ئێستاتیکی و ڕامیاری و بەرنامە و کاری تایبەت بە خۆیانن.

سەرنج دەخاتە سەر چەند خاڵێکی گرنگ کە دەرگا دەکەنەوە بۆ تێگەیشتن لە تیۆری ئاڤانت-گارد، لەوانە: پەیوەندی نێوان ئاڤانت-گاردی-مێژوویی و ئاڤانت-گاردی-نوێ، ئاڤانت-گارد وەک دژە هونەری ئۆتۆنۆم، ڕامیاری ئاڤانت-گارد بەرامبەر بە دەسەڵاتی بازاڕ.

میتۆدی شیکاریی پەیڕەوکراوە تا بتوانێت پێگەی ڕاستەقینەی ئاڤانت-گارد دیاری بکات وەک ڕەوتێکی بەرهەڵستکاری کولتووری، جگە لەمە لە ڕووی تیۆرییەوە بەراوردکاری کراوە بە هۆی ئەو پارادۆکسەی کە لە نێوان هەندێک لە جووڵانەوەکانیدا هەیە.

توێژینەوەکە لە دەرئەنجامدا فۆرمێک ئەداتە ئاڤانت-گارد کە ڕەهەندێکی پرۆتێستی ڕامیاری کۆمەڵایەتی هەیە و دابڕ نیە لە ئێستاتیک، کە دەتوانێت لە یەک کاتدا بەرامبەر دەسەڵاتە ئیدیۆلۆجی و سەرمایەدارییەکاندا ڕابوەستێت.

**کلیلەوشەکان:** ئاڤانت-گارد، هونەری ئۆتۆنۆم، هونەری هێترۆنۆم، هونەر و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ڕەسەنایەتی و دووبارەبوونەوە.


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 03 ديسمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## پێشەکی

ئاڤانت-گارد لە دەستپێکردنیدا و لە سەد ساڵی ڕابردووەوە، هێزێکی ئاڕاستەکراوە و ئەو خواستەی هەیە کەلێن بخاتە ناو هونەری بۆرژوا و دامەزراوەکانیەوە، هەرچەندە ئەم ڕەوتە بۆ خۆی لە هونەری بۆرژواوە دەست پێ دەکات، بەڵام تێپەڕی دەکات بۆ ئەودیو دامەزراوە سیستماتیکییەکانی و بەرەو ئاڕاستەی ڕامیاری دەچێت، بە بێ ئەوەی دابڕێت لە هونەر و ئێستاتیک، بە واتایەکی تر هەڵگری جۆرێک لە دیالێکتیکە کە هونەر لە دژی هونەر بەکاردێنێت. ئەم وزەیە بۆی گرنگە پیشانی بدات کە لەگەڵ کام لە بیرکردنەوە نیە، زیاتر لەوەی بیرکردنەوەی خۆی بە ئاشکرا بەیان بکات، واتە پەرچەکردارانەیە.

لە چەندین ڕووداوی ڕادیکاڵی هەمەجۆر و دەمارگیرانەدا دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتە هەرە بەهێزە کاپیتاڵیستیەکان دابڕێت. ئەم ئاڕاستە بەرگریکارە، لە ئەمڕۆدا ون نەبووە و نەبۆتە شوێنەوارێکی مێژووی و کۆتایی هاتبێت. مۆزەخانەکان و سکوڵە هونەرییەکان و بڵاوکراوەکان ناتوانن لە گۆڕی بنێن، تەنانەت ئەمڕۆش چەندین کەس و گروپی سەرسەخت دایدەمەزرێننەوە، لە ژێر ناوی نوێ و فۆرمی نوێدا.

بۆ تێگەیشتن لە ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەم جوڵانەوە بەرهەڵستکارە، کە پارێزەری ڕاستەقینەی کولتوورە، پێویست بە هەڵوێستەکردن دەکات لەسەر سێ پرسی گرنگ کە بەشەکانی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت:

بەشی یەکەم تەرخانە بۆ بچڕاندن و بەردەوامیەکانی نێوان ئاڤانت-گاردی-مێژوویی و ئاڤانت-گاردی-نوێ.

بەشی دووەم گفتوگۆیە لەسەر ئاڤانت-گارد و مۆدێرنیزم لە دووڕیان هێترۆنۆمبوون و ئۆتۆنۆمبووندا.

بەشی سێیەم ڕوخساری ئاڤانت-گاردیزم لە ئەمڕۆدا و ئاستەنگەکانی لەبەرامبەر دەسەڵاتی بازاڕدا.

ئەم سێ پرسە، توێژینەوەکە نزیک دەخاتەوە لە وەڵامی ئەو پرسە سەرەکییەی کە ئاخۆ پێگەی ئاڤانت-گاردیزم لە ئەمڕۆی کولتووردا چۆن شێوە وەردەگرێت، وە چۆن ڕوخساری ڕاستەقینەی بناسینەوە، کە ئەمەش توێژینەوەکە بەرەو دەرەنجام دەبات.

## کێشەی توێژینەوە

کێشەی سەرەکی ئەم توێینەوەیە دیاریکردنی کارئەکتەری ڕاستەقینەی ئاڤانت-گاردە لە ئەمڕۆی هونەر و کولتووردا. بەڵام بۆ ئەم دیاریکردنە پێویستمان بە سێ پرسی گرنگ هەیە کە بخرێنە ڕوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تا بە وەڵامدانەوە و شیکاریان نزیک بینەوە لە وەڵامی کێشە سەرەکیەکەمان. ئەو پرسانەش بریتین لە:

1. لە تیۆری هونەردا، ئاڤانت-گاردی-مێژوویی بە ڕەوتە بەرهەڵستکارەکانی پێش جەنگی جیهانی دەوترێت، وە ئاڤانت-گاردی-نوێ بە جوڵانەوەکانی پاش جەنگی جیهانی دەوترێت، کە وزە لە ڕەوتە مێژوویەکە وەردەگرێت بۆ بەردەوامی دان، بەڵام ئەمە ئەو گرفتە دێنێتە پێش کە ئایا تا چەند ئەم دوو دیاردەیە هاو ئامانجن لە ڕووی ئێستاتیکی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیەوە؟

2. گرفتی ئاڤانت-گاردیزم لە نێوان کۆنسێپتی ئۆتۆنۆم و هێترۆنۆمدا،[1] کە لە بنەڕەتدا ڕەوتە 'مێژووییەکانی' پێش جەنگی جیهانی دژ بە هزری ئۆتۆنۆمی مۆدێرنیزم ڕاوەستان، بەڵام ئەمە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە لە پاش جەنگ، ئایا ئەم پێچوانەبوونەوەیە ڕەهەندە یاخیگەریەکەی نابوت ناکات؟

3. ڕەشبینیەکانی ئەمڕۆ بەرامبەر ئاڤانت-گاردیزم بەهۆی ملدانێتی بۆ دەسەڵاتی بازاڕ و فەرامۆشکردنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەیەتی، بە تایبەت لە پاش جەنگی جیهانی. هەرچی وەک ئۆبجێکت بەرهەم بهێنرێت، سەرئەنجام دەبێتەوە بە کاڵا و دەچێتەوە ناو بەکاربەریی، ئەمەش هەڕەشەیە لەسەر کردارە پرۆتێستیەکانی ئاڤانت-گارد کە وا دەکات ڕاستەقینە نەبینرێن.

## سنوری توێژینەوە

سنوری توێژینەوەکە سنورێکی بابەتیە و بە دوای دۆزی ئاڤانت-گارددا دەگەڕێت وەک دیاردە لە هونەردا، هەر لە دەستپێکە ''مێژوویی''ەکەیەوە تا دەگاتە فۆرمە نوێکانی و تەنانەت ئەو جوڵە بەرهەڵستکارانەی کە لە ژێر ناوی جیاجیادا دەردەکەون لە ئەمڕۆدا و کۆنسێپتی ئاڤانت-گاردیان بە میرات بۆ ماوەتەوە.

ئاڤانت-گارد شوناسی هیچ جیۆگرافیایەک وەرناگرێت و پەیوەست نابێت بە شوێنێکی تایبەتەوە، بەڵکو دیاردەیەکی نێودەوڵەتیە و بە جیهاندا دەگەڕێت و شەڕی ستەمی سیستمەکان دەکات. ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو پۆلبەندیەی پیتەر بێرگەر کە لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ڕاڤە دەکرێت، کە ئاڤانت-گاردیزم جیا دەکاتەوە لە نێوان ئەوروپا و ئەمریکادا. ڕەنگە ئەم پۆلبەندیە ڕاست بێت وەک دیاردەیەکی ناو مێژوو، بەڵام لە هاوچەرخدا نا، لەبەرئەوەی ئێستا وزەکەی لە هەموو جێگەیەکە.

هەرچی سنووری کاتیەکەی ئەم چەمکەشە بەسەر دوو ماوەی مێژوویدا دابەش دەبێت، پێش جەنگی جیهانی و پاش جەنگی جیهانی، کە هەردووکیشیان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە بەسەر هەر چالاکیەکی بەرهەڵستاکارانەی کولتووری و هونەری کە لە ئەمڕۆدا ڕوودەدات.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەکە دیاری کردنی پێگەی هونەری ئاڤانت-گاردە لە ئەمڕۆدا، کە بتوانین فۆرمێکی بدەینێ توانای هەڵهاتنی هەبێت لە بوون بە کاڵا لەناو بەکاربەری و

دەسەڵاتی بازاڕدا یان هەڵهاتنی لە بوون بە ئامرازی دەسەڵاتێکی ئیدیۆلۆجی. وە شیکردنەوەی ڕەهەندە بەرگرپکارییەکەی ئاڤانت-گارد کە تا چەند زیندوە و شەڕی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکات لە ئێستادا، ئەمە لە کاتێکدایە کە چەندین جوڵانەوەی ڕەخنەگرانە، دەستبەردار بوون و تەنیا لە ڕووخساردا وەک بەرهەڵستکار دەردەکەون. هونەر لێرەدا کە ئەم بەرگرپکارییە دەکات، پێویستی بەوەیە کە ڕەهەندە رامیارییەکەیشی کارا بکات، چونکە تەنیا بەو جۆرە دەتوانێت بیرۆکە و وتار بەگەڕ بخات لە ژیانی کرداریدا، هەر بۆیە دۆزی ئاڤانت-گارد پێویستی بە شیکاری هەیە لە ئێستاتیک و ڕامیاریدا، وە ئەم دوو ڕەهەندە یارمەتیمان دەدات بۆ ناسینەوەی پرۆتێستە ڕاستەقینەکانی.

## میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی شیکاری پیادەکراوە تا بتوانێت پارادایمێک[2] بۆ هونەری ئاڤانت-گارد دیاری بکرێت.

## پلانی توێژینەوە

توێژینەوەکە بە وتوێژی نێوان ئاڤانت-گاردی-مێژوویی و ئاڤانت-گاردی-نوێ دەستپێدەکات، وە بەردەوامێتی و بچڕانەکانیان ڕاڤەدەکات و تێڕوانینیان بەرامبەر بە (کۆنڤێنشن- Convention)[3] و دامەزراوە دەخاتە ڕوو. لە پاش ئەوەش شیکاری بۆ هەڵوێستی ئاڤانت-گارد دەکات لە بەرامبەر هزری ئۆتۆنۆمدا، وە دوا توێژگەش تەرخانە بۆ ڕوانگەی ئەو ڕەوتە پرۆتێستیانەی کە هونەر وەک چالاکی کۆمەڵایەتی دەبینن و بەرهەڵستیە ڕامیاریی و ئێستاتیکییەکانی ئەو ڕەوتانە لەبەرامبەر کولتووری پیشەسازی و بەکاربەریدا. ئەم سێ قۆغە هەڵوێستەیە لەسەر ئەو سێ گرفتەی لە کێشەی توێژینەوەکەدا باس کرا، کە وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەیان نزیکمان دەخاتەوە لە دیاری کردنی پێگە و شوێنی ئاڤانت-گارد لە ئەمڕۆدا.

## پێناسی زاراوەکان

### ڕووخسار

ڕوخسار وەک دیاردەی شتەکان دەناسین کە لە ناو ڕیالیتیدا بە شێوەیەکی بەرهەستە خۆیان بەدەر دەخەن. (Oxford Dictionary 2010 p. 60) لێرەدا بە شێوەیەکی تەوس ئامێز بەکارهاتووە کە ئەو ڕواڵەتە ساختەیەی پێ هەڵبوەشێنینەوە کە ڕەنگە پێچەوانەی ناوەڕۆکەکەی بێت. بۆ نمونە لێرەدا لە پاڵ وشەی ئاڤانت-گارد بەکار هاتووە، کە ئەم وشەیە ئەمڕۆ دەخرێتە پاڵ چەندین چالاکی و دامەزراوە و کۆگاو بڵاوکراوە و تۆڕ و موشەک و تەنانەت براندی فاشیۆنیش.

### ئاڤانت-گارد

زاراوەیەکی سەربازیە و ئاماژەیە بە هێڵی پێشەوەی سوپا، کە لە یەک کاتدا هێرش دەکات و بەرگری لە تەواوی سوپاکەش دەکات. بۆ یەکەمین جار بەکارهات لە کۆنتێکستی کولتووردا، لە ساڵی (١٨٢٥) لە لایەن تیۆریستی فەرەنسی هێنری دێ سەینت-سایمن، ئەو هونەرمەندانەی پێ ناوبرد کە هێزی هونەر دەخەنە خزمەت ریفۆرمی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە، بە گشتی ڕێکەوتنێک هەیە کە ئاڤانت-گارد لە ناوەڕاستی سەدەی (١٩)ەوە لەگەڵ هونەرمەندانی ڕیالیست گوستاف کوربێت و ژان فرانسوا میلێت دەست پێ دەکات. ئەم زاراوەیە لەگەڵ مۆدێرنیزمدا تاموەژاویی دەبێت و هەندێک جار وەک هاوواتا وەردەگیرێن، بۆ نمونە لەگەڵ کلیمنت گرینبێرگدا ئاڤانت-گاردێکی مۆدێرنیستی ئۆتۆنۆمی فۆڕمالیست دەناسین، بەڵام لەگەڵ پیتەر بێرگەر ئاڤانت-گاردێکی لێدەر لە هونەری ئۆتۆنۆم دەناسین کە پەیوەست دەبێتەوە بە ژیانی کۆمەڵایەتی. (Wood 2002 p. 215-225)

### ئەمڕۆ

مەبەست لە کاتی هەنووکەیە، (Oxford Dictionary 2010 p. 1627) بەڵام لە کۆنتێکستی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، مەبەست لە دیاردەیەکی ئێستاییە کە ڕەگەکەی لە ڕابردوودایە.

# بەشی یەکەم

## ئاڤانت-گاردی-مێژوویی و ئاڤانت-گاردی-نوێ

### ئاڤانت-گاردیزم وەک تەنیا ڕووداوی ناو مێژوو

''کاتێک بتڵ-هەڵگری واژووکراو پەسەند کرا وەک ئۆبجێکت، کە شایستەی پێدانی جێگەی هەبێت لە ناو مۆزەخانەدا، ئیدی گێچەڵەکەی کەس هەراسان ناکات، بەڵکو دەشکۆڕێت بۆ پێچەوانەکەی. گەر هونەرمەندێک ئەمڕۆ واژوو دەخاتە سەر لولە زۆپایەک و نمایشی دەکات، ئەم هونەرمەندە بە دڵنیاییەوە نەک هەر نارەزایی نییە دەربارەی بازاڕی هونەریی، بەڵکو خۆی لەگەڵ یەکخستوە، ئەمە هۆکاری شکستی ویستی ئاڤانت-گاردە لە ڕیشەکێشکردنی هونەردا وەک دامەزراوە. تاکو ئێستاش کە پرۆتێستی ئاڤانت-گاردی-مێژوویی لە دژی هونەر وەک دامەزراوە، بە هونەر وەردەگیرێتەوە، ئیدی کرداره پرۆتێستیەکانی ئاڤانت-گاردی-نوێ دەبێتە ناڕاستەقینە.
(Bürger 1974 p. 52-53)[4]

پیتەر بێرگەر (١٩٧٤) لە کتێبە گرنگەکەیدا (Theory of the Avant-Garde) بۆ یەکەمین جار پارادایمێکی ڕەخنەیی دەکێشێت لە نێوان ''ئاڤانت-گاردی-مێژوویی'' و ''ئاڤانت-گاردی-نوێ''دا.

لە کۆنتێکستی ئاڤانت-گاردی-مێژوویی دا سەرنج دەخاتە سەر دادا، سوریالیزم، کۆنستراکتڤیزمی ڕووسی لە نێوان (١٩١٠-١٩٢٥)، کە ئەم جوڵاندنەوانە ئامانجیان ڕەخنەگرتن بوو لە بیری ئۆتۆنۆمی کە سەنتەری هزری مۆدێرنیستی بوو، بەم ڕەخنەگرتنە دەیانویست کە جیاکاری نەهێڵن لە نێوان ئێستاتیک و ڕیەڵدا، واتە نەهێشتنی بۆشایی لە نێوان هونەر و ژیانی کرداری دا، بەڕوونتر بیڵێین، ئەم ڕەوتە ''مێژووییە'' هەوڵی ڕەخنەکردنی بەدامەزراوەبوونی مۆدێرنیزمی دا.

بەڵام لە پێچەوانەی ئەمەدا، ئەوەی هونەرمەندانی پاش جەنگی جیهانی کە بێرگەر پێیان دەڵێت ئاڤانت-گاردی-نوێ و کارەکتەری ئەوروپای خۆرئاوا و ئەمریکا لە پەنجاکان و شەستەکاندا پێکدەهێنێت، پێی وایە کە ئاڤانت-گاردیزم وەک هونەر بە دامەزراوە دەکات و بەمەش مەبەست و ئامانجە ڕاستەقینەکەی پێچەوانە و دژ دەکاتەوە. (Buchloh 1986 p. 41-42) کەواتە بۆ بێرگەر دووبارەبونەوەی ئاڤانت-گاردی-مێژوویی (پێش جەنگی جیهانی) لە لایەن ئاڤانت-گاردی-نوێوە (پاش جەنگی جیهانی) هەڵوەشاندنەوەی ڕەخنەی ئاڤانت-گاردە لە بەرامبەر هونەری ئۆتۆنۆمدا، زیاتر لەوەش ئاوەژووکردنەوەی ئەو ڕەخنەیەیە بۆ دانپێدانانی هونەری ئۆتۆنۆم، بە واتایەکی دی گەر دادا لێدان بێت لە بینەر و مارکێت ئەوا ئاکتەکانی دادای-نوێ پەیوەست دەبێت پێیەوە. لێرەدا ئەم دووبارەبونەوەیە ئەنتی-ئێستاتیک دەکاتە هونەر و یاخیگەری دەکاتە دامەزراوە.

هەرچەندە بێرگەر پێی وایە کە تەنانەت ئاڤانت-گاردی-مێژوویش شکستی هێنا لە ئامانجەکانیدا؛ بۆ نمونە دادا لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی پۆلێنکردنە نەریتیەکانی هونەر شکستی هێنا، سوریالیزم لە بەرامبەر یاخیگەریە سەبجێکتیەکان لەگەڵ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، وە کۆنستراکتڤیزمیش لە بەرامبەر واتاکانی کولتوور لە بە کۆمەڵ بەرهەمهێناندا شکستی هێنا. وە لەمەش کارەساتبارتر ئاڤانت-گاردی-نوێ دووبارە کردنەوەی ئەم شکستەیە. (Foster 1996 p. 8-15)


بەڵام لەگەڵ ئەوەی بزاڤەکانی ئاڤانت-گاردی-مێژوویی لە تێکشکاندنی دامەزروەدا شکستیان هێنا، هێشتا بۆ بێرگەر گرنگە کە ئەو دەرەنجامەی لێکەوتەوە کە چی دی فێرگەیەک نەتوانێت بانگەشەی ڕەوایەتی جیهانی بۆ خۆی بکات واتە نۆرمێکی ئێستاتیکی جێگیر ئیدی بوونی نابێت لە پاش ئاڤانت-گاردی-مێژوویی. هەر بۆیە، ئەمە وا لە ئاڤانت-گارد دەکات کە تەنیا مێژوویی بێت، وە گەڕانەوەی ئاڤانت-گاردیزم (نوێ، پاش جەنگ) نەک هەر ناتوانێت کاریگەریەکی سنورداریشی هەبێت وەک ئەوەی پێشتر لە ''مێژوویی'' دا بە دەست هات، بەڵکو تەنانەت ئامانجی ئاڤانت-گاردیستی نەفی دەکات و بە ئۆتۆنۆمی دەکاتەوە. (Bürger 1974 p. 57-58) واتە بێرگەر نەک هەر ڕەشبینە لە بەرامبەر جوڵاندنەوەکانی پاش جەنگی جیهانی، بەڵکو هیچ هیوایەکیان تێدا نابینێت کە بڕیار بێت هونەر و کولتوور ئاڕاستە بکەن بەرەو ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری.

## گرنگی دوبارەبوونەوە و بەردەوامبوونی ئاڤانت-گاردیزم

هونەرمەندی ئاڤانت-گارد (لە دەستپێکردنی دادا و سوریالیزم و کۆنستراکتیڤیزمی رووسییەوە)، لە سەد ساڵی یەکەمی بوونیدا چەندین بەرگی جیاجیا و پڕ لە گۆڕانکاری پۆشی، بەرگی شۆڕشگێڕ، ئانارکیست، ڕێکپۆش، جوانیناس، تێکنەلۆجیست، میستیک.. هتد وە جوڵێنەری چەندین ڕێبازی جیا جیا بوو، بەڵام تەنیا شتێک کە نەگۆڕ مایەوە لە دیسکۆرسەکەیدا تێیای (ڕەسەنێتی-Originality) بوو. (Krauss 1985 p. 157) بەشێک لە ئەوەشی کە بێرگەر لە سەرەوە بەرگری لێدەکات تێیای ڕەسەنێتیە کە دەیخاتە پاڵ ئاڤانت-گاردی-مێژوویی، وە بە کۆنسێپتی (دووبارەکردنەوە-Repetition ) ئاڤانت-گاردی-نوێ ڕەتدەکاتەوە.

بەڵام ڕۆزەلیند کراوس پێی وایە لە پێناو ئەوەی هونەر بەردەوامی بداتە خۆی نەبوونی ڕەسەنێتی دەبێتە پێویستیەکی گرنگ، بۆ ئەم مەبەستە لە گوتاری (The Originality of the Avant-Garde) دا دوو زاراوەی دژ بە یەکتری (ڕەسەنێتی و دووبارەکردنەوە) فۆڕمەڵە دەکات. کە بە بۆچوونی ئەو ڕەسەنێتی، ئەفسانەیەکە کە ئەزموونی مۆدێرنیستی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەزموونەکانی پاش-مۆدێرن لەسەر بنەمای دووبارەبونەوە خۆیان بنیاد دەنێن، دۆخی ئاوڕدانەوە. (Schreiber 2002 p. 81) بەم تێگەیشتنە، ئاڤانت-گاردیش کاتێک دەتوانێت درێژە بە ڕێڕەوی خۆی بدات گەر خۆی لە دەستی وەهمی ڕەسەنێتی قوتار بکات و خۆی دووبارە بکاتەوە.

کراوس دەپرسێت، چۆنە گەر کۆنسێپتی کۆپیکردن کپ نەکەین؟ چۆنە گەر کارێک بەرهەمبهێنرێت و لە دیسکۆرسی دووبارە بەرهەمهێنانەوەوە سەرچاوەی گرتبێت نەک ڕەسەنێتی؟ (Krauss 1985 p. 168). لێرەدا ئەوە روون دەکاتەوە کە کاتێک هونەرمەندانی مۆدێرن تەکنیکی (تۆڕ-Grid) یان دۆزییەوە، کە بناغەی لەسەر دووبارەبونەوە داڕشتبوو، ئیدی لەوێوە دووبارەبونەوە دەبێتە دەروازەیەکی کراوە بۆ هونەری مۆدێرن و تەنانەت ئاڤانت-گاردیش، کە بتوانن بەردەوامی بەخۆیان بدەن. لێرەدا کراوس ئاماژە بە زۆرێک لە هونەرمەندانی مۆدێرن و ئاڤانت-گارد دەدات لە پێش جەنگ و پاش جەنگ، کە 'گرید' بۆتە بەشێکی گرنگی کاردنیان وە یەکێک لەو هونەرمەندانەش کە بە نمونە وەری دەگرێت ئەگنەس مارتنە (وێنەی ژمارە ١). (Krauss 1985 p. 158-159)



ئەگنەس مارتن، *بێ ناونیشان لە ڕۆژێکی ڕووندا*، ١٩٧٣. (وێنەی ژمارە ١)

لەم کارەی ئەگنەس مارتینندا تێدەگەین کە لە 'گرید'دا لۆجیکێکی فۆرماڵ هەیە بۆ ڕێکخستن، وەک تۆڕ یان خشتە دەتوانین وەریبگرین کە چەقی نیە و بێ کۆتا دوبارەدەبێتەوە. هەر لێرەوە کراوس دەروازە بۆ دووبارەکردنەوە دەکاتەوە و دیاری دەکات لە پرۆسەی کاری هونەریدا، لە بری قەتیس کردنی هونەر لە ناو بیری ئەفسانەیی ڕەسەنێتیدا. ئەم دیاردەیە نەک تەنیا میدیای وێنەکێشان، بەڵکو پەلی کێشایە ناو میدیای هەمەجۆر و سێ ڕەهەندی و دیجیتاڵ و چاپ و ..هتد. بۆ نمونە ئەو ستراکچەرە سێ ڕەهەندیانەی کە سۆل لیویت کاری لەسەر دەکات لە شەستەکاندا کە دووبەرە کردنەوەی فۆرمی شەشپاڵوە. نام جون پەیک تەلەفیزیۆنەکان بە ئینستەلەیشن دادەنێت لە تەنیشت یەکتردا و دووبارە دەبنەوە، ئاندی وارهۆڵ وێنە چاپکراو و کێشراوەکانی دووبارە دەکاتەوە کە لێدانە لە بیری داهێنەرێتی و ڕەسەنێتی لە ناو وێنە دروست کردندا. بۆ نمونە سوپی کۆمپانیای کامپبێڵ (وێنەی ژمارە ٢).



ئاندی وارهۆڵ، *قووتوی سوپەکانی کامپبێل*، ١٩٦٢. (وێنەی ژمارە ٢)




جاسپەر جۆنس، *برۆنزی ڕەنگکراو*، ١٩٦٠. (وێنەی ژمارە ٣)

لە پاش ئەو بەدواداچونەی سەرەوە لەسەر ڕۆڵی دووبارەبوونەوە، دەتوانرێت بوترێت کە پرۆژەی ئاڤانت-گارد تەواو نابێت وەک ئەوەی بێرگەر ئاماژەی پێ دەکات، هاڵ فۆستەر پێی وایە ناکرێت ئاڤانت-گاردی-نوێ وەک هەڵوەشێنەرەوەی ئاڤانت-گاردی-مێژوویی لێی تێبگەین، بەڵکو پرۆژەیەکە کە بۆ یەکەمین جار لە ئاڤانت-گاردیزم تێدەگات و لەسەر ڕەگە مێژووییەکەی دەڕوێتەوە، لەسەر کۆنسێپتی (دووبارەبونەوە) بەردەوامی دەدات. فۆستەر بۆ سەلماندنی ئەمە جاسپەر جۆنس بە نمونە وەردەگرێت کە کاتێک دوو قتووی بیرە، برۆنز دەکات و ڕەنگی دەکات، ئەو پێی وایە کە تەم و مژی و ئاڵۆزی مارسێل دوشا لەسەر پرسی 'ناهونەر' لادەبات و دەیناسێنێت[5] (وێنەی ژمارە ٣) واتە لە جاسپەرجۆنسەوە دوشامان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە.

لەوەش زیاتر گەر لێدانەکانی دادا بە نمونە وەربگرین، یەکەم: لە ڕووی کۆنتێکستەوە، تیاترۆخانەی دادا لە زیوریخ وەک ڕەخنە کار لەسەر نایلیزمی جەنگی جیهانی یەکەم دەکات واتە ڕامیارییە، و لقی بەرلین درێژە بە ئێستاتیک ئانارکیزم دەدات. دووەم: هەردوو لێدانەکەی دادا (کە یەکێکیان ڕامیاری و ئەوی دیکەیان ئێستاتیکییە) لە ڕووی پێرفۆرمەتیڤیتیەوە، بەردەوامی دەداتە زمان و واتای ئاڤانت-گارد و هەر لێرەشەوە شوێنی دیاری دەبێت وەک خۆ دابڕکردن و شۆڕش. وە ئەگەر لێدانەکانی ئاڤانت-گارد بەم واتا ڕەوانبێژییە تێبگەین، ئەوا ڕوون دەبێتەوە کە هونەرمەندانی ئاڤانت-گاردی وەک دوشا ئامانجی نە نەفیکردنێکی ئەبستراکتی هونەرە، نە پێکهێنانێکی ڕۆمانتیکیشە لە نێوان هونەر و ژیان دا، بەڵکو تاقیکردنەوەی کۆنڤێنشنی هەردووکیانە (واتە فراوان کردنی هونەر). کەواتە هەمان شت لە کردەی ئاڤانت-گاردی-نوێشدا ڕاستە تەنانەت لە قۆناغی سەرەتایدا لای ڕۆبێرت ڕاوشنبێرگ و ئالان کاپرۆ کارکردن بۆ فراوان کردنی گرژییەکانی نێوان ژیان و هونەرە نەک پێکەوەبەستن و پێکهێنانیان، وەک ئەوەی ڕاوشنبێرگ دەڵێت "هەوڵ دەدەم ئاکت بکەم لەو بۆشاییەدا کە لە نێوان هونەر و ژیاندایە". تەنانەت کاپرۆش ناسنامەی نەریتی فۆرمەکانی هونەر وەلا نانێت، بەڵکو تاقیکردنەوە لەسەر (فرەیم و فۆرمات)ی ئەزمونی ئێستاتیکیان دەکات. (Foster 1996 p. 11-16).

ئاشکرایە کە کۆنڤێنشن و دامەزراوە لە یەکتر جیاناکرێنەوە، بەڵام چوونیەک نین. دامەزراوەی هونەریی ڕەنگە کۆنڤێنشنی ئێستاتیکی لە چوارچێوە بگرێت بەڵام پێکی ناهێنێت. ڕەنگە ئەم یاسا گشتیە یارمەتی لێکۆڵینەوەکەمان بدات کە بڵێین: گەر ئاڤانت-گاردی-مێژوویی سەرنجی لەسەر کۆنڤێنشن بێت، ئەوا ئاڤانت-گاردی-نوێ سەرنجی لەسەر دامەزراوەیە. کە ئەمەش بنچینەییترین پەیوەندییە لە نێوانیاندا. لە سەرەتای شەستەکاندا دان فلاڤن، دۆناڵد جەد، کارڵ ئەندرێ، ڕۆبێرت مۆریس، وە لە کۆتایی شەستەکاندا مارسێل برۆدتێرس، دانیاڵ بیورن، مایکڵ ئاشەر، هانز هاکە گەشەیان بە ڕەخنەی کۆنڤێنشن دا لە بەرامبەر میدیەمی نەریتی، کە لە لایەن ئاڤانت-گاردی-مێژووییەوە پیادەکرابوو، تا لێکۆڵینەوەی لە دامەزراوەی هونەریی پێ بکەن. تێگەیشتن لە دامەزراوەی هونەر بەم پارادایمە لای ئاڤانت-گاردی-نوێ ڕوویدا کە بە شیکاریانە و بابەتیانە و هەڵوەشێنگەرایانە هەڵوێستە لەسەر دامەزراوە دەکات، لە بری ئەو لێدانە نایلیستیەی دادا کە هەم ئەبستراکت و هەم ئانارکیست بوو.

لەگەڵ هەمو ئەمەشدا، پێکهێنان و پەیوەندی دروستکردن لە نێوان ژیان و هونەردا بەدەرکەوت بەڵام لە ژێر سایەی کولتووری پیشەسازیدا نەک ئاڤانت-گارد..! بۆیە دووبارەکردنەوە و بەردەوامیدان بە ئاڤانت-گاردیزم لە ڕەهەندی ئێستاتیکی و

ستراتیجیەتی ڕامیاری کولتووری و پێگەی کۆمەڵایەتیەوە هێشتا پرۆژەیەکی زیندووە لە هونەر و ڕەخنەدا. (Foster 1996 p. 17-20). بە واتایەکی دیکە پێکهێنان دروست بوو لە نێوان ژیان و هونەردا، بەڵام پێکهێناتێکی مۆدێرنیستی ئۆتۆنۆمیانە کە لە کولتووری پیشەسازیدا خۆی بەیان دەکات، نەک ئەو پێکهێنانە کۆمەڵایەتیەی ئاڤانت-گارد بۆی دەگەڕا، بۆیە پرۆژەکە نە تەواو بووە و نە شکستی خواردووە بەڵکو ئەرکێکی سەختتر دەچێتە ئەستۆی، چونکە ئاستەنگەکان تا دێت بەهێزتر دەبن لە بەردەمیدا، وەک بێرگەر لە سەرەتاوە ئاماژەی دا، تەنانەت ئاڤانت-گاردیزم (نوێ) بۆ خۆی دەبێتەوە بە بەربەست لەبەردەم ئامانجەکانی خۆیدا، بەڵام دەشزانین کە ئەمە ڕاینەوەستێنێت و کۆتایی پێ ناهێنێت.

## بەشی دووەم

## ئاڤانت-گارد و مۆدێرنیزم، دووڕیان هێترۆنۆم و ئۆتۆنۆم

ئاڤانت-گاردی-مێژوویی و ڕەوتە مۆدێرنیستیەکان لە بنەڕەتدا جیاوازن، لە ڕوانین و کۆنسێپتیان بۆ هونەر و ڕۆڵیان لە نەخشەی کۆمەڵایەتیدا. کاتێک ئاڤانت-گارد بیرۆکەی توندی نوێ دەردەبڕێت و فشار دەخاتە سەر گۆڕانکاریە ڕامیارییە کۆمەڵایەتییەکان، مۆدێرنیزم لە هەوڵی ئاهەنگ گێڕانی کۆمەڵگەی مۆدێرندایە و بە ئاڕاستەکانی بەرەو ئێستاتیکی مەکینەیی، کۆمەڵگا دەگۆڕێت.

مۆدێرنیزم لە پێشکەوتنی خۆیدا و لە سەدەی بیستدا خولیای فۆرم و فۆرمالیزمی هێنایە ناو کۆمەڵگەوە، کە هزری ئۆتۆنۆمی بەهێزتر کرد. (Barrett 2003 p. 1) بەڵام ئاڤانت-گارد بەرهەڵستی ئەمە دەکات. پیتەر بێرگەر پێی وایە کە تەنانەت هەڵە دەکەین گەر بزاڤەکانی ئاڤانت-گاردی-مێژوویی لەوانە دادا، کۆنستراکتڤیزمی ڕووسی، سوریالیزم پۆلبەند بکەین لە کۆنتێکستی هونەری مۆدێرندا. ئاڤانت-گارد دیاردەیەکی مێژوویی ئاشکرایە لە تەواوی دامەزراوە هونەرییەکانی بۆرژوا دەدات کە هونەر پێناسە دەکەن بە کۆنسێپتی ئۆتۆنۆم (واتە لێرەدا ئەو چەند بزاڤە ناوبراوە پێچەوانەن لەگەڵ ئامانجەکانی کولتووری مۆدێرنیزم) ئەو سێ ڕەوتە، هونەر دەکەنە ئامرازێک بۆ پرسە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان.

بێرگەر ئەم لێدانە بە خۆ-ڕەخنەکردنێکی دامەزراوەیی لێکدەداتەوە کە ئامانجێتی هونەر لەگەڵ ژیانی کرداریدا پێکبهێنێتەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، وە ئەمە لە هونەری ئۆتۆنۆمدا نایەتە بوون چونکە هونەر خود-سەنتەر دەبێت و بۆشایی دروست دەکات لە نێوان خودی خۆی و ژیانی ڕۆژانەدا. (Zuidervaart 1990 p. 66) پێویستە بزانین کە تێکەیشتنی ئۆبجێکتیڤانە لە هونەردا تەنیا کاتێک فەراهەم دەبێت کە هونەر بچێتە قۆناغی خۆ-ڕەخنەکردنەوە، لەگەڵ ڕەوتەکانی ئاڤانت-گاردی-مێژوویدا ئەمە ڕوویدا. دادایزم ڕادیکاڵترین جوڵەی نێو ئاڤانت-گاردی ئەورووپاییە، کە چیتر ڕەخنەی فێرگەکان ناکات (وەک ئەوەی مۆدێرنیزم دەیکات)، بەڵکو ڕەخنەی هونەر دەکات وەک دامەزراوە لە ناو کۆمەڵگەی بۆرژوادا. بە پێچەوانەی ئەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەی ئاڤانت-گاردیزم، لە ئێستاتیسیزمی مۆدێرنیزمدا خۆ-ڕەخنەکردن، ئەو



سەلڤادۆر دالی، (*ڕاستەقینە، پارانۆیا، تارمایی*) بۆ ناو قوڵاییەکانی ناخودئاگا، ١٩٣٦، پێشانگای نێودەوڵتی سوریالیزم، لەندەن. (وێنەی ژمارە ٤)

کاتەیە کە ناوەڕۆکی هونەر کارەکتەرە ڕامیارییەکەی ون دەکات و چیدی نایەوێت ببێتە شتێکی دی جگە لە هونەر (واتە هونەر بۆ هونەر). (Bürger 1974 p. 26-27) کەواتە لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە (هونەر بۆ هونەر، فۆرمالیزم، ئۆتۆنۆمی هونەری) هەموو دەچنەوە ژێر چەتری مۆدێرنیزم، بەڵام ئاڤانت-گاردی-مێژوویی پەیوەست دەبێتەوە بە هونەر وەک هێترۆنۆم.

ئاڤانت-گارد پەرچەکردار دەکات بەرامبەر بەو شیکپۆشیەی هونەر بۆ هونەر و ئێستاتیسیزم، کە هونەر تیایدا سەرقاڵی دیکۆرکردنی جیهانی سەرمایەدارییە، وە لە لایەکی دیکەشەوە هەڵوێستە دەکات لەسەر هزری دژە-تەکنەلۆجی ویژەی مۆدێرنیزم، بۆیە ئامێزیان بۆ تەکنەلۆجیە جوڵاوەکان و میدیاییەکان کردەوە لەوانە فۆتۆگرافی، سینەما، ماتۆڕ لێخوڕین، فڕۆکە..هتد. ئەوان لە کاری گروپ و مانیفێستۆ و ڕووداو دروستکردندا، دەیانویست هونەر و ژیان نزیک بخەنەوە لە یەکتری، بۆ نمونە بێنجامین پرێت سوکایەتی بە قەشەکان دەکات لە پەبلیکدا، ئیڤ تۆنگی جاڵجاڵۆکەیەک بە زیندوویی قوت دەدات، سەلڤادۆر دالی بەرگی ژێرقوڵایی دەریا دەپۆشێت لە پێشانگای نێودەوڵەتی سوریالیزمدا، مارسێل دوشا ناسنامەی ڕەگەزیی خۆی دەگۆڕێت بۆ مێ و ناوی خۆی دەنێت ڕۆزێ سێلاڤی، جۆن هارتفیڵد لە شاری بەرلین لە یەکەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی دادا، بەرازێک بە بەرگی پۆلیسی ئەڵمانیەوە بە سەقفی گالێریەکەدا هەڵدەوەسێت و نوسراوێکی دەکاتە مل (لە لایەن شۆڕشەوە هەڵواسراوە) (وێنەی ژمارە ٤،٥). (*Europe After the Rain*, "1978" Mick Gold, BBC Film).




یەکەمین پێشانگای نێودەوڵەتی دادا، بەرلین، ١٩٢٠. (وێنەی ژمارە ٥)

تەواوی ئەم کردە ڕادیکاڵە ئانارکیستیانە جگە لە لێدان لە ئێستاتیک و دەسەڵاتی هونەری ئۆتۆنۆم، ڕەهەندە ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەکەی ئاڤانت-گارد چالاک دەکەن. وە دیاردەی کارکردنی مۆنتاج، کۆلاج، فرۆتج، ڕێدی مەید، دەنگ، هاپینینگیان هەڵبژارد لە ژیانی ڕۆژانە بۆ لێدان لە کۆنسێپتی (هونەر وەک دامەزراوە) لێرەدا مەبەست دامودەزگاکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ ئەو بیرۆکە باوانەی کە لە کاتێکی دیاریکراودا دەروازەی کاری هونەری دیاری دەکەن. (Elsaesser 2017 p. 1)

هەندێک لە هونەرمەندانی ئاڤانت-گارد بە هەمان میدیەم کە ڕەوایەتیەکی لە مێژینەی هەبووە لە ناو هونەری ئۆتۆنۆمدا، ڕادیکاڵانە ڕەخنەی هەمان ڕەوتی پێ دەکەنەوە، لێرەدا بۆ نمونە تابلۆ مۆنۆکرۆمەکانی ئەلێکساندەر ڕۆدچێنکۆ وەردەگرین، کە وێنەدەکێشێت و باس لە کۆتایی وێنەکێشان دەکات. ڕۆدچێنکۆ وێنەکێشان دەخاتە ژێر پرسیاری ئۆبجێکتی ڕۆژانەوە، چونکە مامەڵە لەگەڵ کانڤاسدا دەکات تەنیا وەک پانتایەکی سادەی ناو ژیانی ڕۆژانە و (نواندنەوە-Representation)ی لە دەستێنێتەوە.(Foster 1996 p. 17) (وێنەی ژمارە 6).

ئەلێکساندەر ڕۆدچێنکۆ، *ڕەنگە پوختەکان: سور، زەرد، شین*، ١٩٢١. (وێنەی ژمارە ٦)



پێویستە لێرەدا ژیاری ئەوەمان هەبێت کە کۆنسێپتی مۆنۆکرۆم لە وێنەکێشاندا، لە یەک کاتدا بیری ئۆتۆنۆمی مۆدێرنیزم و بیری هێترۆنۆمی ئاڤانت-گارد ئامێزی بۆ دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت چوونیەکن بەڵام لە دوو پرۆسێس و ئیدیۆلۆجی تەواو جیاوازدان، یەکەم ئەو ڕوانگە مۆدێرنیستیەیە کە گرنگی دەداتە پرۆسەی ئەبستراکشن و جەخت کردنەوە لەسەر دوو ڕەهەندێتی میدیەمی وێنەکێشان. واتە ئەم سادەکردنەوەیە لە ئۆتۆنۆمدا جەختکردنەوەیە لەسەر بە دەرخستنی ڕەهایەتی میدیەم. دووەم ڕوانگەی ئاڤانت-گارد بۆ ئۆبجێکتی ڕۆژانە کە لە (ڕێدی مەید، مێرز، فۆتۆمۆنتاج، فرۆتج.. هتد)دا خۆی دەخاتە ڕوو، کە کاریگەری لەسەر وێنەکێشان دادەنێت و بەرەو کەناری ئۆبجێکتی ڕۆژانەی دەبات. واتە هەمان سادەکردنەوە لە هێترۆنۆمدا، دەکرێت بریتی بێت لەو ڕوو تەختەی کە لە هەر جێگایەکی ناو ژیانی کرداریدا بەری دەکەوین. کەواتە گەر پانتایەکی سادەی تەختی یەک ڕەنگی وەربگرین بە تێگەیشتنێکی ئۆتۆنۆمی مۆدێرنستیانە بریتیە لە بەها بەخشین بە هونەر و میدیەمی وێنەکێشان، بەڵام گەر بە تێگەیشتنێکی ئاڤانت-گاردیانە لێی بڕوانین، بریتیە لە لێسەندنەوەی ئەو بەهایە و لێدانی، وە لە جێگەی بردنی بۆ ناو کۆنتێکستێک کە دەیخاتە دۆخی ئەزمونییەوە لە نێوان هونەر و ناهونەردا (لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بەم نێوەندە دا لە نێوان مارسێل دوشا و جاسپەر جۆنس) دا.

ئەو لێکچونە ڕواڵەتیەی لە نێوان مۆدێرنیزم و ئاڤانت-گاردا بەدی دەکرێت، تەمومژیەک دروست دەکات، ئەستەم بێت کە تەواو لە یەکتریان جیابکەینەوە، لەوەش زیاتر لە هەندێک شوێندا ئاوێتەش دەبن و یەک پێناسە وەردەگرن. بەشێک لەم لێڵیە لەگەڵ کلیمنت گرینبێرگدا بەری دەکەوین، چونکە ڕوانینی ئەو تەواو بە پێچەوانەی پیتەر بێرگەرەوەیە. لەگەڵ گرینبێرگدا ئاڤانت-گاردێکی فۆرمالیستی، مۆدێرنیستی ئۆتۆنۆم دەناسین کە بە دوای ڕەهایەتی میدیەمدا دەگەڕێت و دەیکاتە بابەتی لێکۆڵینەوەی خۆی (Greenberg 1940 p. 299-304). ئەم ئاڤانت-گاردەی گرینبێرگ بەهاکەی لەوێدایە کە دەتوانێت لە ڕێگەی ئۆتۆنۆمبونێکی پتەوەوە، بەرگریکاریکی بەهێز بێت کە هونەر وەک هونەر بپارێزێت و نەبێتە ئامراز و دەزگای ئیدیۆلۆجی، کە خودی ئەم بەرهەڵستکاریەش جارێکی دی ئاڤانت-گاردیستانەیە.

کەواتە گرژیەکانی هونەری هێترۆنۆم لە بەرامبەر ئۆتۆنۆمدا لە قۆناغی ئاڤانت-گاردی-مێژووییدا، وە جارێکی دی بوونەوەی بە ئۆتۆنۆم و بوونە بە بەشێک لە دامەزراوە لە قۆناغی ئاڤانت-گاردی-نوێدا، دەمانگەیێنێتە ئەو ڕاستیەی کە ئاڤانت-گارد یان هەر ئاڕاستەیەکی دیکەی بەرهەڵستکار لە ئەمڕۆدا پێویستی بە ئامانج گۆڕینە. جاک ڕانسێر پێی وایە کە هونەر بۆ هونەر (بەو هێڵە ئۆتۆنۆمەی کە بەدەوری خۆیدا دەیکێشێت و نابێت بەزێندرێت) سەلماندی کە بەرهەڵستیەکی بەهێزتری تۆتالیتاریزمە زیاتر لە ئاکتیڤیزمی ئاڤانت-گارد، لە دواجاردا بۆ نمونە مارینێتی (بونیادنەری فیوچەریزم) پشتگیری فاشیزمی ئیتالی کرد. وە زۆرێک لە ئاڤانت-گاردیستە ڕوسەکان چوونە پاڵ کۆمیونیزمی سۆڤێتی ستالینی. هەر بۆیە بۆ ڕانسێر هونەر بە ڕەهایی نە وەک ''هونەر بۆ هونەر'' نە وەک ''هونەر وەک ئاکتیڤیزم''

ناتوانێت کاریگەریە بەرهەڵستکارە بەهێزەکەی خۆیی هەبێت. (Elsaesser 2017 p. 4)

واتە گرژی و دژیەکییەکانی نێوان ئۆتۆنۆم (هونەر ئازاد بێت لە هەر ئاڕاستەیەکی دەرەکی) و هێترۆنۆم (هونەر جۆرێک ژیان دەکاتە نمونە کە فەراهەم بکرێت) دەبنە بونیادی ڕژێمی ئێستاتیکی لای ڕانسێر، چونکە ئەو دەربارەی دوو ڕەهەندی هاوتای "مۆدێرنێتی-مۆدێرنیزمی" هونەری دەدوێت.

یەکەمیان (مۆدێرنیزمی پوختێتیە-Puristic modernism) کە ئاشنایە لەگەڵ ئەو بەرگەی کلیمنت گرینبێرگ کردویەتی بە بەریدا، کە میدیای دەربڕین دەبێتە کرۆک و وەهمە میمێتیکییە لابەلاکانی لێ دادەماڵرێت (کرۆک بۆ گرینبێرگ میدیەمە).

دووەم کە لە لایەن ڕانسێر خۆیەوە دەستنیشان دەبێت و پێی دەڵێت (مۆدێرنیتاریزم-Modernitarism) کە کردەی هونەری پێ لێکدەداتەوە وەک پێکهێنانی کۆمەڵایەتی و ئازادی ڕامیاری.

کەواتە "پیوریزم" ڕیاڵیتی دەگێڕێتەوە بۆ هونەر، وە "مۆدێرنیتاریزم" هونەر دەکاتە بابەتی خواستەکانی ڕیاڵیتی، لێرەدا ڕانسێر ئێستاتیک و ڕامیاری دەبەستێت پێکەوە و ناوی دەنێت ڕژێمی ئێستاتیکی کە سەرکێشی هەر دژێتیەکی پێ دەکات لە نێوان هونەری ئۆتۆنۆم و هونەری هێترۆنۆمدا. (Stejskal 2012 p. 4-5) لەم ڕژێمەدا هونەر لە یەک کاتدا هەم ڕامیاریە و هەم ئێستاتیکییە، واتە هونەری ئاڤانت-گارد لێرەدا هەم ئۆتۆنۆمە و هەم هێترۆنۆم. وە پێدەچێت کە تەنیا لێرەدا نزیک ببینەوە لە ئامانجەکانی ئاڤانت-گاردیزم وە دەروازەش بکرێتەوە بۆ بەردەوامیدان.

## بەشی سێیەم
## ڕوخساری ئاڤانت-گارد لە ئەمڕۆدا

"هونەری ئاڤانت-گارد بۆتە بەشێک لە ستایڵی ژیان، بە تایبەت کاتێک کە وەرچەرخا بۆ هونەری ئاڤانت-گاردی-نوێ، ئیدی دەبێتە بەشێک لە ڕوخساری کۆمەڵایەتی لە ناو بەکاربەریی سەرمایەداریدا... کە لە دواجاردا، ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ بەکاربردن و فریودانی لێروانەر، لێرەدا ئەم ئاڤانت-گاردیزمە ژیانکردنێکی وەهمیان لا دروست دەکات، زیاتر لەوەی کە هۆشداری دروست بکات بەرامبەر بە سیستمە گەنیوەکان." (Kuspit 2000 p. 48).

### ئاڤانت-گارد و پیشەسازی داهێنەر

کاتێک پیتەر بێرگەر زاراوەی "مێژوویی" بۆ نەوەی پێشووی ئاڤانت-گارد بەکار هێنا، جگە لە ماوە بۆ دانان، گرنگی ئاڤانت-گاردی خستە ژێر پرسیارەوە. ئەوەی بێرگەر دیاری دەکات چیرۆکی ئاڤانت-گاردەکانی سەدەی بیستەمە کە لە پوکانەوەدان، لە جوڵەی شۆڕشگێڕانەوە بەرەو سیمولاکرا، لە خورپەلێدانی بۆرژواوە بۆ نمایشی تەکنیک، لە لێدان لە مۆزەخانەکانەوە بۆ بوون بە بەشێک لێیان. (Mauro 2012 p. 119) هەر بۆیە لەگەڵ ئەو هەموو هیوا ڕامیاریانەی لەسەر ئەو بەرهەمانە هەڵچنراوە کە لە دەرەوەی ئابووری کولتوورین و ئەوانەش کە ئیدیۆلۆجی ئاڤانت-گاردیزمی شۆڕشگێڕانەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە، هێشتاش هەر داڤید کۆتینگتن ڕەشبینە و پێی وایە کە ئەمڕۆ ئاڤانت-گارد بە هەموو واتایەک، نەک تەنیا باڵێکی گەشەپێدەری پیشەسازی کولتوریە، بەڵکو گەشەپێدەری بەکاربەریشە لە پۆست فۆردیزمدا.[6] واتە لێرەدا ئاڤانت-گارد بۆتە تەڵەیەکی کولتووری. بۆیە کۆتینگتن دیالێکتیکێکی بێ کۆتا دەبینێت؛ یەکەم لە ئاست وێنە گەورەکەیدا، ئاڤانت-گارد دەبێتە بەشێک لە سیستمی سەرمایەداری. دووەم لە ئاست وێنە بچووکەکەیدا، ئاڤانت-گارد و ئاڤانت-گاردیزمی ئەبستراکت لە ڕێگەی کولتووری باوی بەبازرگانیکراوەوە خۆی بەدەردەخات (ئاڤانت-گاردیزمی ئەبستراکت، مەبەست ئەو بەرگە فۆرمالیستیەیە کە گرینبێرگ دەیکا بە بەری ئاڤانت-گاردا).

ئۆتۆنۆمی فۆرماڵ لای ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم و ڕەخنەی کلیمنت گرینبێرگ، هونەری لە بەرنامەی ڕامیاری دابڕی و دواتر ملکەچی بەهای بەکاربەریی کرد لای هونەری پۆپ، کە بۆ کۆتینگتن ئەمە جۆرێکە لە هێلانەهەڵچنین لە ناو سەرمایەداری بەکاربەریدا نەک بەرانگاری کردنی. لە (١٩٥٠)کانەوە ئاڤانت-گاردیزمی شۆڕشگێڕانە و فۆرمالیزمی گرینبێرگ تواونەتەوە لە ناو کۆنسێپتی پیشەسازی داهێنەرانەدا، کە هونەرمەند تیایدا دەستی میداسی[7] دەبێت لە بوژاندنەوەی ئابووری نیشتیمانیدا. ئەمەش بەرەو ئەو ئاقارەمان دەبات کە بڵێین، تا ئەو جێگەیەی خواست بۆ هەڵهاتن لە پرۆسەی بەکاڵاکردن (کۆمۆدیفیکەیشن-Commodification) نەزۆکە، وە تا ئەو کاتەی کە ئاڤانت-گاردیستەکان کولتووری کاڵا (کۆمۆدیتی-Commodity) بۆتە جێی سەرنجیان زیاتر لە ڕامیاری بەرهەڵستیکردن، ئیدی هەموو ڕەخنە لە ناو سەرمایەداریدا نوقوم دەبێت.

تەنانەت ڕواڵەتی بیرە ڕادیکاڵەکان لە ناو شەستەکاندا لەوانە، تێکۆشان بۆ مەدەنی بوون و مافی ئافرەتان، دژایەتی کولتووری بەکاڵاکردن لای هونەرمەندانی کۆنسێپچواڵ و مینیماڵ، گروپاتی بە کۆمەڵی وەک (Art Workers' Coalition) گروپە ئانارکیستەکانی وەک (Black Mask، Motherfuckers، Yippies، Diggers، American Indian Movement)، چالاکەوانی ئایدز لەوانە (Gran Fury)، گروپە فێمینیستەکانی وەک (Guerrila Girls). هەموو ئەم هونەرمەند و گروپانە جەختیان لەسەر پرۆسە ڕامیارییەکان دەکردەوە بەسەر ئۆبجێکتی بەکاربەردا. بەڵام پانتایی ئەو ئەجندا ڕامیاریە کولتووریەی هەیانبوو ڕووی لە کزی کەرد و هەموو ئەو بەرزخوازیەی کە هەیانبوو ون بوو، کە دواتر بێنجامین بیوکلۆ پێناسەیان دەکات بە ڕەوتەکانی کولتووری پیشەسازی کە مەیلی ملکەچبوونیان بەرامبەر بە دەسەڵاتی سەرمایەداری زیاترە لەوەی کە لە دژی ڕاببوەستن. (Léger 2018 p. 115-116).

لەگەڵ ئەم کۆتا یاریە سەرمایەدارییەدا، کە هەمان ڕەشبینی پیتەر بێرگەری تێدایە دەرباری ئاڤانت-گاردی-نوێی پاش جەنگ، هێشتاکە کۆتینگتن چەند وزەیەکی جێگرەوە دەبینێت لە ناو کۆنتێکستی فەرەنسای پاش جەنگی جیهانی لەوانە چالاکیەکانی (CoBrA, Lettrists, Situationist International). بەڵام لێرەدا

گۆڕینێک دەکاتە شیکاریەکەیەوە لە دیالێکتیکی مارکسیزمی بیوکلۆ و بێرگەرەوە بەرەو ئانارکیزم، بە گرنگیدان بە سەرکەوتنی بزاڤەکانی ئاڤانت-گارد لە ڕەتکردنەوەی پرۆفیشنالیزم و بەها سەرمایەدارییەکان، وە لە جێگەی ئەوە هونەر وەک چالاکی ئازاد، هونەر وەک چالاکی کۆمەڵایەتی وەک پرۆسەیەکی دیموکراتی. ئەو پێی وایە ئاکتیڤیزمی لەم جۆرەی سیچوەیشنستەکان[8] کە نوکی ڕمەکەیان لە ١٩٦٨دایە سەدای خۆی دۆزیەوە و بووە ژێدەر لەسەر هونەری ئینتەرڤێنشنستە[9] هاوچەرخەکان لەوانە (Yes Men، Reverend Billy and the Church of Stop Shopping، Etcetera، Laboratory of Inssurectionary Imagination، Critical Art Ensemble،) ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە کاتینگتۆن هەموو ئەمانە بەدوور دەگرێت لە کولتووری ئاڤانت-گارد، چونکە ئەو پێی وایە کە، ئەگەر نا دەبوو ئاڤانت-گارد بگۆڕدرایە بۆ ئاکتڤیزم، وەستاندنی کولتوور، هاککردن.. هتد (Léger 2018 p. 116-117)

کەواتە لێرەدا دەکرێت بپرسین کە ئاخۆ ئاڤانت-گارد دەتوانێت ببێتە بەرەنگارێکی ڕاستەقینەی سەرمایەداری تەنیا کاتێک کە بووە ئاکتیڤیزمی پەتی؟ چونکە تەنیا بەو جۆرە دەتوانێت هەڵبێت لە بەکاڵاکردن لەبەرئەوەی هەرچی بەرهەم بهێنرێت سەرئەنجام دەبێتە کاڵا؟

## ئاڤانت-گارد وەک چالاکی کۆمەڵایەتی و ئاکتیڤیزم

گی دیبۆرد چوارچێوەیەکی کێشا بۆ تیۆری "Constructed situations"، واتە دۆخێکی دروستکراو یان بونیادنراو کە ڕووداوێکی هاوبەشیە و چالاکی ئەزموونی بەکاردەهێنێت بۆ بچڕاندنی گرێی سەرمایەداری. ئەو دۆخە یان ئەو ڕووداوەی کە بونیاد دەنرێت، ئامادەبوو تیایدا بەشداربوویەکی کارایە وە کار لە ڕووداوی زیندوودا دەکات. (Bishop 2006 p. 96) دیبۆرد لە کتێبەکەیدا (The society of the spectacle) (١٩٦٧)، کە دەربارەی کاریگەریەکانی سەرمایەداری دەدوێت لە بەنامۆکردن و پەرتکردنی کۆمەڵگەدا، وشەی (نمایش-Spectacle) بەکار دەهێنێت، بۆ گوزارشت لە تۆخبونەوەی وێنە لە ناو کولتووری بەکار بەریدا. هەروەها هەوڵ دەدات بۆ بەتیۆریکردنی دۆخ و ڕووداوی بە کۆمەڵ بەرهەمهێنراو. لێرەدا گرنگی بەشداریکردن (Participation) دەخاتە ڕوو وەک پرۆژە، کە کۆمەڵگە جارێکی دی بە مرۆڤ دەکاتەوە، چونکە کۆمەڵگە سڕکراوە و پەرت پەرت کراوە لە لایەن ستەمی بەئامێربوونی بەرهەمهێنان، وە پێدانی ئەرکەکانی وێنە بە دەسەڵاتی مارکێت، کە لێرەدا ناکرێت کاری هونەری جارێکی دی بتوێتەوە لە بونیادی ئۆبجێکتدا کە بەکاربرێت لە لایەن لێڕوانەری پاسیڤەوە (وێنەی ژمارە ٧)، لە جێی ئەمە دەبێت هونەر وەک ئاکشن بێت، وە بەرەو ڕووی ڕیالیتی ببێتەوە. (Bishop 2012 p. 11) بۆیە تا دەهات "سیچوەیشنست ئینتەرناشناڵ" زیاتر بەرهەڵستی ئەوەیان دەکرد کە جیاوازی نەهێڵن لە نێوان هونەر وەک چالاکیی لەگەڵ شۆڕشی کرداری، وە دیبۆرد دەیخواست کە هونەر ڕادیکاڵ بێت نەک تەنیا لە ڕووی (بابەتیەوە- Subject matter)، بەڵکو لە فۆرمیشدا ڕادیکاڵ. ئەوەی سیچوەیشنست ئینتەرناشناڵ گەشەی پێدا لە پێگەی ئێستاتیکیەوە بەرەو ڤانت-گاردیزمی ڕامیاری وای لە هونەرمەندان کرد کە دامەزراوەکە جێبهێڵن، تەنانەت هونەر لە بەرنامەیاندا نەما لە کۆنفرانسی هاوینی (١٩٦١). هەرچەندە سیچوەیشنست ئینتەرناشناڵ دژی هونەر و کولتوور نەبوون، بەڵکو دژی بەرهەمهێنانی ئۆبجێکتێک بوون کە دەبووە کاڵا. لێرەدا ئەرکی سیچوەیشنست ئینتەرناشناڵ ئەوە نیە کە هونەر بکاتە پاشکۆی ڕامیاری، بەڵکو هونەری مۆدێرن و ڕامیاری شۆڕشگێڕانە سەربخات پێکەوە، لەوێدا خواستە شۆڕشگێڕییەکەی ئاڤانت-گاردی-مێژوویی دێتە بوون کە پێکهێنانەوەیە لە نێوان هونەر و ژیاندا، چونکە تەواوی بیرۆکەی ئاڤانت-گارد بۆ گی دیبۆرد جێگۆڕکێیەکی مێتۆدی بوو لە ڕامیاری شۆڕشگێڕییەوە بەرەو هونەر، وە هەر لێرەشەوە چالاکیەکانی پاش ئاڤانت-گارد بەبێ بوونی ڕەخنەی ڕامیاری ناگونجێت. (Bishop 2012 p. 82-83).



سەیرکردنی فیلمی (Bwana Devil) بە سیستمی سێ ڕەهەندی لە هۆڵی پاراماونت، فۆتۆگرافەر: جەی. ئار. ئایەرمان، ١٩٥٢. بەشێک لەم وێنەیە بۆ بەرگی یەکێک لە چاپەکانی کتێبەکەی گی دیبۆرد (The society of the spectacle) بەکارهات لە ساڵی ١٩٨٣.
(وێنەی ژمارە ٧)

کلێر بیشۆپ لە گفتوگۆیەکیدا لە ژێر ناوی "بەشداریکردن و دیمەن: ئێستا ئێمە لە کوێداین؟" جارێکی دی دەستەواژەکانی وەک (Dialogical art, Interventionism, Socially engaged art) دەناسێنێتەوە لە دیسکۆرسی هونەری هاوچەرخدا. بیشۆپ ئەوە دەخاتە ڕوو لەگەڵ هەر جیاوازیەک کە هەبێت لە نێوانیاندا، بنچینەی گرنگیپێدانی ئەم کۆنسێپتانە بۆ جێهێشتنی بیرۆکەی کاری هونەریە وەک ئۆبجێکتی سنووردار کە بە ژانەرە ئێستاتیکەکاندا دەگاتە تاک و دەیکاتە

لێڕوانەرێکی پاسیڤ، وە گەیشتنیانە بە کارێکی هونەری کە هانی بینەر بدات بە جۆرێک کە لە لێڕوانەری دوورەپەرێزەوە وەریانبچەرخێنێتە سەر بەشداربووی کۆمەڵی چالاک "Collective participant" لە پرۆسەیەکی کراوەی ڕامیاری-کۆمەڵایەتیدا.

بیشۆپ دوو پنتی ڕەخنەیی دەربارەی ئەم ڕەوتانە دروست دەکات: یەکەم جێگیرکردنی بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی "Participation" بەسەر کاری هونەری سنورداردا، کە ویستەکە بۆ تێکشاندنی بیرۆکەی فیگەری سەر تەختی شانۆ و بینەرە پەراوێزخراوەکانیەتی، کە ئەمە گەیشتە ئەوپەڕی لە سیچوەیشنست ئینتەرناشناڵدا، کارەکانیان چووە دەرەوەی گەمارۆی سیستمی هونەر، وە ڕاستەوخۆ جوڵا بەرەو ڕامیاری کولتووری ڕادیکاڵی چەپی ناپەرلەمانی فەرەنسی لە مانگی پێنجی (١٩٦٨). دووەم بەشداریکردن لە خۆیدا، دەچێتە ژێر فەرمانی ڕەخنەی کواڵیتیەوە، هەم لە ڕووی ئێستایکییەوە و هەم لە ڕووی ڕامیارییەوە. (Mckee 2016 p. 4) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هونەر وەک بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی و ئاکتڤیزم لە ئەمڕۆدا جگە لە نزیکبوونەوەی هونەر لە ئامانجی ئاڤانت-گاردیستی (یەکخستنەوەی هونەر و ژیان) لە هەمان کاتدا ڕەنگە تەنیا دەروازەی هەڵهاتن بێت لە بە کاڵابوون و دەسەڵاتی بازاڕ.

## دەرئەنجام

ئاڤانت-گاردی مێژوویی نەفی سیستمی سەرمایەداری دەکات و پارتیزانانە لێی دەدات، بەڵام ئاڤانت-گاردی نوێ خۆی دەکاتە بەشێک لێی و ڕەخنەی دەکات. بەڵام ڕامیاری هەردوو ئاڕاستەکە سەرەنجام پانتایی نامۆبوونی مرۆڤی فراوانتر کرد لە بەرامبەر دەسەڵاتی دامەزراوە و ئیدیۆلۆجیە ڕامیاریەکان لەودیوو کولتوورەوە. ئاڤانت-گاردیزم بە دامەزراوە کرا، پرۆتێست و ئێستاتیکەکەیشی بووە بەرنامەی فێرکاری لە دامەزراوەکاندا، کە ئیدی هیچ کات ڕاستەقینە دەرناچێت. ئەوەی داڤید کاتینتن و کلێر بیشۆپ جەختی لەسەر دەکەنەوە بە ڕووناکی خستنەسەر ئەزموون و بەرنامەی کاری (سیچوەیشنست ئینتەرناشناڵ)، لە بەکارهێنانی هونەر وەک چالاکی کۆمەڵایەتی و ڕووداو دروستکردندا، ڕەنگە وێستگەیەکی هەرە گرنگی چالاکی ئاڤانت-گاردیستی بێت لە ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتیدا.

ئەو هەڕەمەکێتیەی پرۆتێست کە هەیە لە (هونەر وەک چالاکی کۆمەڵایەتی، هونەر وەک ڕوداوو دروستکردن، هونەر وەک بەشداریکردن) دا کە دڵنیاییان تەواو تێدا دەستەبەر ناکرێت لە ڕووی ئێستاتیکی و ڕامیارییەوە، جەستەیەک بۆ کردەکە دروستناکات کە بیگرین و بیکەینەوە ناو بازاڕ، ناو وێنە و نمایش، ناو بەرنامە و کاری دامودەزگا ئیدیۆلۆجیەکان. بە واتایەکی دی هونەر لێرەدا دەبێتە ستەیتمێنتێک کە دەتوانێت لە ئابلۆقەی بازاڕ و جموجۆڵی ئیدیۆلۆجی نەک هەرخۆی بپارێزێت بەڵکو بەرانگاریشیان ڕابوەستێت، وە لێرەشدا ئاڤانت-گاردیزم دەتوانێت مانای ڕاستەقینەی خۆی وەرگرێت و نزیکبێتەوە لە یەک کاتدا لە ئامانجە هەنوکەیەکانی و مێژووییەکانی.

## سەرچاوەکان


Benjamin H. D. Buchloh, *The Primary Colors for the Second Time: A Paradigm Repetition of the Neo-Avant-Garde,* (Summer, 1986), The MIT Press, Vol. 37.

Claire Bishop, *Artificial hells : participatory art and the politics of spectatorship,* Verso, London, 2012.

Claire Bishop, *Participation,* Whitechapel and The MIT Press, London/ Cambridge, 2006.

Clement Greenberg, *Towards a Newer Laocoon,* (Julay-August 1940), Partisan Review 7, VII, No. 4, pp. 296-310.

Donald Kuspit, "From Critical Consciousness to Perverse Desublimation: The Deterioration of the Avant-Garde," in *Art and Aesthetics in the 90s,* ed. Bergit Baroe (Oslo: Spartacus Forlag, 2000), 48.

*Europe After the Rain,* (1978) Mick Gold, BBC Film (DVD).

Evan Mauro, *The Death and Life of the Avant-Garde: Or, Modernism and Biopolitics,* (Fall 2012 - Spring 2013), Meditations, Vol. 26, No. 1-2.

Hal Foster. *The Return of the Real (essays)*, Cambridge, Mass., MIT Press, 1996.

Jakub Stejskal, *Rancière's Aesthetic Revolution and Its Modernist Residues,* (2012), Filozofski vestnik, Vol. 33, No. 2.

Lambert Zuidervaart, *The Social Significance of Autonomous Art: Adorno and Bürger,* (Winter, 1990), Aesthatic and Art Criticism, Vol. 48, No 1.

Marc James Léger, *Don't Network: The Avant Garde after Networks,* Minor Compositions, Colchester / New York / Port Watson, 2028.

Mike Barrett, *Conflict and Resolution of Modernism and the Historical Avant-garde,* 20 March 2003, MIT OPEN COURSE WARE, 21G.031.

Oxford Advanced Learner's Dictionary of Current English. 8th edition. Oxford: Oxford University Press, 2010.

Peter Bürger,Theorie der Avantgarde (Frankfurt/Main: Suhrkamp, 1974); Theory of the Avant-Garde, trans. Michael Shaw (Minneapolis: University of Minnesota Press, 1984).

*A. Rachel Schreiber, The (True) Death of the Avant-Garde, ISEA International, 2000.*

Rosalind E. Krauss, *The Originality of the Avant-Garde and. Other Modernist Myths,* Cambridge, Mass., MIT Press, 1986.

Thomas Elsaesser, *Art, Avantgarde and Autonomy: Why Art and Life May Have to Change Places*, Kunsten'92, 2017.

Wood, P. 2002, 'Modernism and the Idea of the Avant-Garde', in Paul Smith & Carolyn Wilde (eds), *A Companion to Art Theory*, Blackwell Publishing Ltd, Oxford, Malden, pp. 215-228.

Yates McKee, *Occupy and the End of Socially Engaged Art*, (April 2016), e-flux, Issue #72.

## پەراوێز

[1] (هونەری ئۆتۆنۆم-Autonomy of art) ئیمانوێل کانت لە ڕەخنەی دادوەریدا زاراوەی (مەبەستداریێتی-Purposiveness) دەخاتە پاڵ ئۆبجێکتێک کە خۆی لە خۆیدا دەبێتە مەبەست، واتە خزمەت بە شتێکی دی ناکات لە دەرەوەی خۆی، لێرەدا هونەر وەک خودێکی پێویست، خۆی دەبێتە بەڵگە بۆ بونی خۆی، سەربەخۆیە و نواندنەوە بۆ هیچ شتێک ناکات جگە لە خۆی، واتە هونەر بۆ هونەر یاخود هونەری ئۆتۆنۆم.

(هونەری هێترۆنۆم-Hetronomy of art) بە هەر هۆکارێکی یان پاڵنەرێکی دەرەکی کە ڕۆڵ بگێڕێت لە سەبجێکتێک یان ئۆبجێکتێکی دیکەدا دەوترێت هێترۆنۆم. واتە هونەری هێترۆنۆمە کە پەلدەکێشێتە نێو کایەکانی دیکەی وەک ڕامیاری و ئابووری و.. هتد.

[2] (پارادایم-Paradigm) ڕوونکردنەوەیەکی تیۆری لەسەر بابەتێکی دیاری کراو کە چۆن لێی تێبگەین لە کاتێکی دیاریکراودا.

[3] (کۆنڤێنشن-Convention) ڕێکەوتن و قبوولکردنێکی گشتیە بۆ کردەیەکی تایبەت.

# The Appearance of the Avant-Garde Today

**[1]Naz Hakim Mohammed**
**[2]Ranj Hikmat Mohammed**
[1]Department of Plastic Art, College of Fine Arts, Sulaimani University, Kurdistan Region of Iraq

[2]Department of Plastic Art, College of Fine Arts, Sulaimani University, Kurdistan Region of Iraq

[4] بێنجامین بیوکلۆ پێی وایە کە پیتەر بێرگەر مەبەستی لە بتڵ هەڵگر، کارەکەی مارسێل دوشایە "Bottle Rack" وە کاتێکیش دەڵێت لولە زۆپا "Stove-pipe" ڕەنگە بیەوێت ئاماژەی پێبدات بە ڕۆبێرت ڕاوشنبێرگ یان ژان تانگلی.

Buchloh, Benjamin H. D. "Theorizing the Avant-Garde," *Art in America* 3, Nov. 1984, p. 19

[5] ڕێدی مەید زیاتر ئەزموونە تا بەرهەم، وە بەهاکەی چیتر لە کۆنسێپتی نەریتی هونەرەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەسەر لێواری جیاوازی هونەر و ناهونەر ڕادەوەستێت، واتە کارێکی ڕێدی مەید دەکرێت لە هەر ساتێکدا بگەڕێتەوە بۆ ناو ژیانی ڕۆژانە، بەڵام لەگەڵ ئاڤانت-گاردی-نوێدا، ئەو ڕەهەندە ناهونەرییە تەمومژاوییەی ڕێدی مەید لادەچێت و وەک هونەر دەناسێنرێت.

[6] (پۆست فۆردیزم-Post-Fordism) تیۆریەکە پێی وایە ئابووری مۆدێرن کار دەکات لەسەر بنەمای خزمەتگوزارییە پیشەسازیەکان، زانیاریە تەکنەلۆجیەکان، دیزاینکردنی کاڵاکان بە پێی پێویستی تایبەت، زیاتر لەوەی کە سەرنجی لەسەر زۆری بەرهەمهێنانی کاڵا بێت.

[7] (میداس-Midas) پادشای فریجیا بوو وە میوانداری سایلینسی کرد کاتێك بە سەرمەستی ڕێی کەوتە فریجیا، بۆیە دیۆنسیوس بەڵێنی دا کە خەونێکی پادشا میداس بەدی بهێنێت لە پاداشتی میوانداریکردنی هاوەڵەکەی. خەونەکەی میداس ئەوە بوو کە دەست لە هەرچی بداد ببێتە ئاڵتون. لێرەوە لەمسی میداس زۆر کات دەخرێتە پاڵ هونەرمەند کە دەست لە هەر ماتریاڵێک بدات بەهای پێ دەبەخشێت.

[8] (Situationist International) ڕێکخراوێکی نێودەوڵتی بوو بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی کە پێکهاتبوو لە هونەرمەندانی ئاڤانت-گاردی ئەوروپی و بیرمەند و شاعیر و تیۆریستی ڕامیاری. لە (١٩٥٧) دامەزرا، وە لە (١٩٧٢) هەڵوەشایەوە. گرنگیان دا بە ڕەخنەی سەرمایەداری، لەسەر بنەمای لێکدانی مارکسیزم لەگەڵ سێریالیزم، بیرۆکەی سیچوەیشنست ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە ڕووداوی شۆڕشی (١٩٦٨) لە پاریس. یەکێک لە دیارترین دامەزرێنەرەکانی ئەم جوڵاندنەوەیە گی دیبۆردە کە لە (١٩٦٧)دا کتێبی (The society of the spectacle)ی نوسی.

[9] (Art Intervention) ئەم زاراوەیە بە هونەرێک دەوترێت کە دیزاینکرابێت بۆ کارلێکردن و چونە ناو ستراکچەرێک یان دۆخێکی دیکە. لە شەستەکاندا گەشەیکرد، ئەو کاتەی هونەرمەند هەوڵیدا ڕادیکاڵانە ڕۆڵی هونەرمەند بگۆڕێت لە کۆمەڵگەدا، بە چونە نێو کۆنتێکستی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی. ئاکتەکانیان لە دەرەوەی سیستمی گالێری بوو، وە دەچونە نێو کارگە و بینا حکومییەکانەوە، تا بتوانن گۆرانکاری دروست بکەن. ئینتەرڤێنشن وابەستەیە بە هونەی کۆنسێپچواڵ و پێرفۆرمانس.

## Abstract:

This research attempts to determine the position of the avant-garde today, in relations to its aims, and historical roots such as its individuals, groupings, networks and movements. Although all the avant-garde arts appear as a single path, each of them has its own contexts, genealogies, practices, aesthatic perspectives, politics, manifestos and programs.

It also concentrats on some crucial spots which open the gate to comprehend the theory of the avant-garde such as; First, the relations between the historical avant-garde and the new avant-garde. Second, avant-gardism as an anti artistic autonomy. Third, the appearance of the avant-garde today, and its obstacles under the power of the markets.

Regarding to the research methodology, the research requires analysing the true appearance of the avant-garde which is the authentic defender of culture. Furthermore, the tensions and paradox among the avant-garde movements theoretically and methodologically set into comparison.

In conclusion, the research formulates the concept of the avant-garde in a sense of socio-political directions, with the presence of aesthetic aspects. This avant-gardism seeks to find a rupture and stands simultaneously against the ideological and capitalist authorities.

**Keywords:** avant-garde, artistic autonomy, artistic heteronomy, social criticism, originality and repetition.